# ئەو کوونە نەعلەتییە!!



گۆران عەلی
05/1/20

خوێنەری بەڕێز بێگومان مەبەستم لەو ناونیشانەی سەرەوە، ئەو کوونە نییە کە (صدام)ی تیا گیرا،چونکە لەسەر ئەو کونە زۆر نوسراو زۆر ووترا،هەروەک چۆن مەبەستم کونی ئەو تفەنگەش نییە کە فیشەکی لێوە دێتە دەرەوە، مەبەستی من کونێکی ترە(ئەوەی دەچێتە ناوی و لێی دێتە دەرەوە) لەو فیشەکانە کاریگەرترن کە لە لوولەی هەزاران تفەنگ دێنە دەرەوە،مەبەستی من ئەو کونە نەعلەتییەیە کە لە سندوقەکانی هەڵبژاردندایە، هەرچەندە پانی و درێژی و قوڵی ئەم کونە بە هەزار جار لەوەی (صدام) کەمترە بەڵام دەتوانێت هەزارانی وەک (صدام) لە ناخی خۆیدا بشارێتەوەو هەزارانی تریش لە ژێر زەوییەوە بهێنێتە سەر زەوی،لە نەبوونەوە بیانهێنێتەبوون، لە هیچەوە بیانکات بە هەموو شت(سەرکۆمار!).

لە هەمووی مەترسیدارترو کارەساتبارتر ئەوەیە ئیرادەو بڕیاری جەماوەر(خاوەن دەنگ )لە ناخی بەرلەوەی بچنە ناو ئەو کونە نەعلەتییەوە دەتوانن ئەم یاسا لابەن و ئەو یاسا بێنن،ئەم سەرکۆمار بە کورسی سەرۆکایەتی شادکەن بە بێ وەزیر لە وەزارەتخانە دادەنیشێت،دەنگەکان نەعلەتییەکەوە ئەفسوناوین،گرنگن،بەنازن




کە ئەم کونە نەعلەتییە دەتوانێت دەنگ و خۆیدا خەفەو زیندانی بکات ، دەنگەکان خاوەنی کاریگەری و قورسایی خۆیانن و سەرکۆمار لەسەر کورسی دابەزێنن و ئەو ئەو دەنگانە نە سەرکۆمار سەرکۆمارەو نە بەرلەوەی بخزێنە ناو کونە و..........! هەر بۆیە لە کاتی ڕیکلامی حیزبە ڕەش و سپی و زەردو سەوزو سوورەکانا لە گەمەکانی هەڵبژاردندا،ئەو مەرایی وبەڵێنە گەورانە دەبینین کە حیزبەکان دەیکەن بۆ خاوەنی دەنگەکان، بۆ بردنەوەی ئەفسون و نازی دەنگەکان .

بەڵام هەر دوای ئەوەی خاوەندەنگ دەنگی خۆی فرێدایە کونەکەوەو پشتیکردە سندوقەکە ئیتر ئەو کەسە لە کەسێکی خاوەن بڕیارو بڕیار دەرەوە دەگۆڕێت(دەکرێت!) بە کەسێکی بێبڕیارو دەبێت ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکات کە دەسەڵات بۆی دەستنیشان دەکات،دەنگەکەی خۆی دەبێت بە کەلەپچەو دەکرێتە دەستی، دەبێتە پەڕۆیەکی ڕەش و چاوی خۆی پێدەبەسرێتەوە،دەبێتە زنجیرێک و دەمی خۆی پێکلۆم دەدرێت لە باشترین سیستەمەکانی هەڵبژاردندا ،لە دونیای ئەمڕودا،دەنگی دەنگدەر تەنها بو بەخشینی ژیان و بوونە بە گیانی دەسەڵاتێکی نەبوو ،بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی(بێدەسەڵاتێکە!) بە سەر خودی دەنگدەردا.بە بڕیاری دەنگدەر (بۆش) هەڵدەبژێردرێت ،بەڵام بە بڕیاری (بۆش) دەنگدەرانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(سەرەڕای نارەزایەتییان!!)شەڕی ئەفغانستان و عێراق دەکەن.

بە بڕیاری دەنگدەر (حکومەت،پەرلەمان،ئەنجومەنی نیشتمانی،دەسەڵات.........) هەڵدەبژێردرێت ،بەڵام دوای ئەوەی دەنگدەر دەنگی خۆی فرێدایە ناو کونە نەعلەتییەکەوە،ئیتر دەبێ بە بڕیارو ئارەزووی(حکومەت،..........دەسەڵات) شێوازی ژیان،بیرکردنەوە،شەڕ، ئاشتی،پەیوەندی لەگەڵ وولاتانی دراوسێ،............هەڵبژێرێت ،دەنگدەر لە کەسێکی بڕیاردەرەوە دەکرێت بە کەسێکی جێبەجێکەر!!

ئەمە حاڵی بە حساب باشترین سیستەمەکانی هەڵبژاردنە لە دونیادا،جا ئەبێ حاڵی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان چۆن بێت؟! کە پێش ڕۆیشتنی دەنگدەران بۆ بەردەمی کونە نەعلەتیەکە کورسیەکان و دەسەڵاتەکانی تیادا برابەش کراوەو دەوری بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا هەروەک دەوری ئامادەبوونی دوو شایەت وایە لە پرۆسەی زەواجی کچ و کوڕێکی عاشق بە یەکتردا(تەنها شەرعیەتدان و مۆردانە لە پرۆسەکە!).

لە کۆتاییدا دەڵێم پرۆسەی هەڵبژاردن(ئەمەی عێراق نا) بەدەر نییە لە خاڵی گەش،مەرایی کردن و بەڵێندانی حیزب و دەسەڵاتەکان بە جەماوەری دەنگدەر کە دوای هەڵبژاردن ،بەهەشتیان بۆ دروست دەکەن و شەقامەکانیان بۆ دەڕازێننەوە،(ئەم کڕنوش بردن و نوێژکردنە بۆ دەنگی جەماوەر!)خاڵێکی گەشەو باڵای ئەو حەقیقەتە هێندەی تر بەرز دەکاتەوە کە وەک چۆن بە بڕیارو ئارەزووی جەماوەری دەنگدەر حکومەت و دەسەڵاتەکان هەڵدەبژێردرێن ،ئاواش دەبێت لەهەموو مەسەلەیەکی چارەنوس سازدا،دەسەڵاتی

**هەڵبژێردراو بگەڕێتەوە بۆ بڕیارو دەنگی خەڵک، واتە دەبێت تبتێک بکرێت لە نێوان جەماوەرو دەسەڵاتدا(جەماوەری جێبەجێکەرو دەسەڵاتی بڕیاردەر بگۆردرێن بۆ جەماوەری بڕیاردەرو دەسەڵاتی جێبەجێکەر) ،ئەوکاتەش پرۆسەی دەنگدان وهەڵبژاردن دەبێتە پرۆسەیەکی ئازادو ئینسانی و ئەو ترسەش دەڕەوێتەوە کە کونە نەعلەتییەکە دەنگەکانمان خەفەو زیندانی بکات.**

goranmad@hotmail.com